# QUESTION BANK:

**بەشی جوگرافیا و مێژوو:**

**پ/١- بە کورتی وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:**

**١-- ناوی کوردستان بۆ یەکەمجار لەلایەن کێ بەکارهاتووە ؟**

**٢- هۆکاری سەرەکی رووخانی هەموو میرنشینە کوردییەکان چ دەوڵەتێک بوو؟**

**٣- کێ ڕەچەڵەکی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ دانیشتوانی چیاکانی زاگرۆس و چینی هیندۆ ئەوروپییەکان ؟**

**٤-کۆماری کوردستان ، لە ساڵی چەند؟ بە سەرۆکایەتی کێ دامەزرا ؟**

**٥-لە کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجەدا ، ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی کوردستانی باشوور بوونە قوربانی نزیکەی چەند هەزار بوون؟**

**٦- کام ڕێکەوتننامە ، بە یەکەم پەیماننامە دادەنرێ کە لە نێوان عوسمانییەکان و صەفەوییەکان مۆرکرا ؟**

**٨- ئایا، ئێزیدییەکان کوردی ڕەسەن و گروپێکی ئاینین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ؟**

**٩- کوردەکان پێشتر سەر بە چ بیر و باوەڕ و ئاینی بوون؟**

**١٠-کوردستان بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە چ شەڕێکدا دابەشکرا؟**

**١١- چەمکی کوردناسی ، لە نێو کورد بۆ یەکەمجار کەی بەکارهاتووە ؟**

**١٢- کوردستانی گەورە ، لە باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا هاوسنوورە لەگەڵ کام دەوڵەت؟**

**١٣- بە شێوەیەکی گشتی تۆپۆگرافیای ( بەرزی و نزمی ) کوردستان پێکهاتووە لەچی؟**

**١٤- كوردستان ، وەك ناوی هەرێم ، زاراوەیەکی جوگرافی بۆ یەکەم جار لە کام سەردەم  بەکارهاتووە؟**

**١٥-ئەو گەریدە رۆژئاواییانە، کێیە؟  کە ناوی کوردستانی بە ناوی ( کاردستان ) بەکارهێناوە.**

**١٦- کێ بە دامەزرێنەری میرنشینی سۆران دادەنرێت  ؟**

**١٧- سەڵاحەددینی ئەیوبی ، دەوڵەتی ئەیوبی لە چ سەدەیەک و لە کام وڵات دامەزراند ؟**

**١٨-  ڕاگواستن لە عێراقدا ، کەی دەستی پێکرد؟**

**١٩- بە پێی سەرچاوە مێژوویی و پاشماوە دێرینەکان ،  نەژادی کورد چییە؟**

**٢٠-ئەو ڕێکەوتننامەیە ، کە لە نێوان سەرکردایەتی بەعس و شای ئێران دژی کورد مۆرکرا، چی بوو؟**

**٢١-زیاتر لە نیوەی تۆپۆگرافیای زەوی کوردستان لە چی پێك دەهێنن؟**

**٢٢-کوردستان لەسەر نەخشەی جیهان ، دەکەوێتە کوێی کیشوەری ئاسیا؟**

**٢٣- زاراوەی (خاکی کوردان- أرض الأكراد)، لە لایەن کێ؟ بەکارهاتووە.**

**٢٤- کەی کۆماری کوردستان، ڕووخێندرا؟**

**٢٥- کەی شاڵاوەکانی ئەنفال بەرامبەر بە کورد  ئەنجامدرا؟**

**٢٦-کێ؟ دەستێکی باڵای هەبوو لە وەرگرتن و لەبەرکردنی فەرموودەکان و وگێڕانەوەی بۆ شاگردانی.**

**٢٧- سۆمەری و بابلییەکان ناوی کوردیان بە چی ناونابوو؟**

**٢٨- ئەو ڕێکەوتننامەیە  چییە؟، کە لە نێوان سەرکردایەتی بەعس و کورد لە ساڵی ١٩٧٠مۆرکرا.**

**٢٩- کەی ؟ جینۆسایدی خەڵکی شەنگال لە لایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە، ئەنجامدرا.**

**٣٠- حکومەتی عێراق چەندجار چەکی کیمیایی دژی خەڵکی مەدەنی کورد و گروپە کوردییە چەکدارەکانی بەکارهێناوە؟**

**٣١- زۆربەی ئێزیدییەکان لە عێراقدا لە ڕووی ئایینەوە پەیوەستن بە کوێیەوە؟**

**٣٢- قازی محمد و هەڤاڵەکانی لە چ ڕێکەوتێک و لە کوێ لە سێدارە دران؟**

**پ/ ٢- پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە :**

**١- گابانەکان ٢- سەلاحەدینی ئەیوبی ٣- کوردناسی ٤- شەڕی چاڵدێران ٥- چەمکی جینۆساید ٦- ئێزیدییەکان ٧-بەعەرەبکردن ٨- زاراوەی ئەسترۆنۆمی ٩- کۆماری کوردستان ١٠- گابانی کوردی**

**پ/ ٣- هۆی ئەمانەی خوارەوە روون بکەرەوە :**

**١- گردەکان، لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان هەن و کەڵکیان زۆرە.**

**٢-جینۆساید، چەمکێکی نوێیە بۆ تاوانێکی دێرین و کۆن.**

**٣- بۆچی، کوردستان یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان لە رووی دەرامەتی ئاوییەوە؟**

**٤- زانستی کوردناسی، بە زانستێکی کوردی دانانرێت بۆچی؟**

**٥-کوردستان لە کۆنەوە مرۆڤی تێدا ژیاوە.**

**٦- کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکان لە کوردیان کۆڵیوەتەوە.**

**٧-کوردستان ، لە ڕووی سامانی ئاوی ژێر زەوییەوە دەوڵەمەندە.**

**٨- دەوڵەتی ئەیوبی دەوڵەتێکی کوردی نەبوو.**

**٩-کوردستان شوێنەکەی بۆ گەشت و گوزار گونجاوە**

پ/ ٤- ئەو کۆمەڵە و رێکخراوە کوردییانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دامەزراون چین؟بیانژمێرە .

پ/٥- جۆرەکانی جینۆساید لە کوردستان چین ؟بیان ژمێرە .

پ/ ٦- ئەو کارە گرینگانە چی بوون لە کۆماری کوردستان ئەنجام دران؟ بیانژمێرە.

پ/ ٧- ئەو کۆنگرە و پەیماننامە نێودەوڵەتییانە چین کە دەربارەی کورد نووسراون و مۆرکراون ، بیانژمێرە .

پ/ ٨- میرنشینە کوردییەکان بژمێرە.

پ/ ٩- جۆرەکانی جینۆساید چیین ، بیانژمێرە .

بەشی زمان و ئەدەب:

پ١/ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە :

١-زار ٢-زاری کۆمەڵایەتی ٣-زمانی ستاندارد
٤-فۆلکلۆر ٥-شیعری هاوچەرخ
٦-چیرۆک ٧-رۆمان ٨-مەتەڵ
٩-پەندی پێشینان ١٠-حەکایەت(سەرگوزشتە) ١١-زاری مێژوویی ١٢-زاری جوگرافی

پ٢/ پێنج لە تایبەتمەندییەکانی زار بنووسە .
پ٣/ زارەکانی زمانی کوردی بژمێرە و باسی یەکێکیان بکە.
پ٤/ پێنج لە هۆکارەکانی نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی بنووسە .
پ٥/ پێنج لە بایەخ و گرنگی فۆلکلۆر بنووسە .
پ٦/ ئەو تایبەتمەندییانە چیین، کە ئەدەبی فۆلکلۆری لە ئەدەبی نووسراو و ئەدەبی میللی جیا دەکاتەوە ؟
پ٧/ ئەو هۆکارانە بنووسە، ؛کە بوونە مایەی پێشکەوتنی رۆمانی کوردی لە قۆناغی پێگەیشتن و ناساندندا.

**پ٨/ بۆچی رۆژنامەی کوردستان، کاریگەرییەکی گرنگی هەبوو بەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی بە گشتی و پەخشان بە تایبەتی ؟**
**پ٩/ بۆچی چیرۆکی هونەری کوردی، لە قۆناغی پێگەیشتن و چەسپاندندا، زیاتر پەرەی سەند ؟**
**پ١٠/ بۆچی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩٠)، کە قۆناغی نوێبوونەوەی چیرۆکی کوردییە، لەم قۆناغەدا چیرۆک تەواو پێگەیشت و بە بەرگ و سیمایەکی هونەری نوێ دەرکەوت ؟**
**پ١١/ بۆچی، چیرۆکی هونەری کوردی، لە قۆناغی دوای ڕاپەریندا، لە ڕووی چەندێتی و چۆنایەتییەوە، گۆڕانی بەسەرداهات ؟**
**پ١٢/ بۆچی لە قۆناغی بێئاگابوون و کپبووندا، بەرهەمی ڕۆمان بە ژمارە کەم بوون ؟**
**پ١٣/ رۆژنامەی کوردستان، یەکەم ژمارەی لە کوێ بڵاوکرایەوە ؟**
**پ١٤/ چیرۆکنووسە دیارەکەی قۆناغی دوای ڕاپەڕین، کێیە ؟**
**پ١٥/ لە چ قۆناغێکدا رۆمانی کوردی، لە ڕووی چۆنایەتەوە گەشەی سەند ؟**
**پ١٦/ لە کام قۆناغدا، چیرۆکی کوردی دەوڵەمەندی بوو بە بیری نەتەوەیی ؟**
**پ١٧/ کام زمان، زمانی نووسینە و بەند نییە بە هیچ چین و توێژ و تاقمێکی کۆمەڵایەتیدا ؟**
**پ١٨/ کام زاری کوردییە، کە زۆربەی کوردانی باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی پێدەکەن ؟**
**پ١٩/ یەکەم پەخشان چییە ؟ کە بە کرمانجی ناوەڕاست نووسرا بێت .**
**پ٢٠/ بایەخدان بە بەکارهێنانی هونەرەکانی رەوانبێژی و هەڵبژاردنی وشە، تایەبەتمەندی کام قۆناغی شیعری کوردییە ؟**
**پ٢١/ (نو بهارا بچوکان) لە نووسینی کێیە ؟**

پ٢٢/ سەرەتای مێژووی ئەدەبی کوردی بە شیعرەکانی کام شاعیر دەست پێدەکات ؟
پ٢٣/ تایبەتمەندییەکانی چیرۆک چیین ؟
پ٢٤/ کام بەشی فۆلکلۆر بە بەشێکی گەورە و فراوان دادەنرێت ؟
پ٢٥/ ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی زاری کۆمەڵایەتی چین ؟
پ٢٦/ زاری کرمانجی ناوەڕاست، چەند شێوەزاری لێدەبێتەوە ؟
پ٢٧/ جۆرەکانی شیعر چین ؟
پ٢٨/ جۆرەکانی پەخشان چین ؟
پ٢٩/ تایبەتمەندییەکانی شیعری ڕۆمانسی کوردی چین ؟
پ٣٠/ تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی چین ؟
پ٣١/ روخساری شیعری هاوچەرخی کوردی چییە ؟
پ٣٢/ یەکەمین رۆژنامەی کوردی چیبوو ؟
پ٣٣/ زمانی کوردی، سەر بە چ خێزانە زمانێکە ؟
پ٣٤/ لە چ قۆناغێکدا، زمانی ناوچەیی بۆتە زمانی ئەدەبیات ؟
پ٣٥/ شاعیرانی کلاسیکی کوردی، لاسایی کام ئەدەبیاتیان کردۆتەوە ؟
پ٣٦/ تەوزیفکردنی هێما (ڕەمز)، لە لای شاعیرانی کام قۆناغ زیاتر پەیرەوکراوە ؟
پ٣٧/ لە چ قۆناغێکدا، چیرۆکی کوردی، لە ڕووی تەکنیکەکانی گێڕانەوە، گۆڕانکاری بەسەرداهات ؟
پ٣٨/ ئایا زار وەکو زمان بەر گەشە و گۆڕانی مێژوو دەکەوێت ؟
پ٣٩/ ئایا سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری کوردی، ڕووداوێکی مێژوویی و زمانی و نەتەوەیی گرنگ بوو ؟
پ٤٠/ قۆناغی ناوەند بە چ بەناوبانگە ؟
پ٤١/ ئایا مێژووی پەیدابوونی زار لە دوای زمانەوە دێت ؟
پ٤٢/ ئایا زار زیاتر زارەکییە و گوتراوە و دەقی نووسراوی نییە ؟

**پ٤٣/ ئایا دەتوانین بڵێین زمانی ستاندارد، لە بنەرەتدا زاری پێوانە و معیاری بووە ؟**
**پ٤٤/ زازایی سەر بە چ لقێکی زارە ؟**
**پ٤٥/ مەبەست چییە لە ڕێگەی کلاسیکی ؟**
**پ٤٦/ مەبەست چییە لە شاکاری ئەدەبی بەرز؟**
**پ٤٧/ وشەی فۆلکلۆر، چ جۆرە وشەیەکە ؟**
**پ٤٨/ مەبەست چییە لە ئەفسانە ؟**
**پ٤٩/ مەبەست چییە لە حەکایەت(سەرگوزشتە) ؟**
**پ٥٠/ مەبەست چییە لە مەتەڵ ؟**
**پ٥١/ هۆکارەکانی نوێبوونەوەی شیعری کوردی چین ؟**
**پ٥٢/ ناوەرۆکی شیعری هاوچەرخی کوردی چییە ؟**
**پ٥٣/ کۆنترین دەقی پەخشانی نووسراوی کوردی چییە ؟**
**پ٥٤/ یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ساڵی چەند دەرچووە ؟**
**پ٥٥/ شیعری ڕۆمانسیزمی کوردی، لە ژێر کاریگەری کام ئەدەبیات نوێبوونەوەی بە خۆیەوە بینی ؟**
**پ٥٦/ لە ڕووی ناوەرۆکەوە، شیعری کلاسیکی کوردی لە دەوروبەری چ مەبەستێک دەسووراوە ؟**
**پ٥٧/ ڕابەرانی شیعری نوێخوازی کوردی کێن ؟**
**پ ٥٨/ زمانی کوردی تێکەڵ بە وشە و زاراوەی عەرەبی، فارسی و تورکی، سیمای چ جۆرە شیعرێکە ؟**
**پ٥٩/ زۆربەی توخمەکانی فۆلکلۆر چی تێدایە ؟**
**پ٦٠/ مەبەست چییە لە پەندی پێشینان ؟**
**پ٦١/ قۆناغەکانی شیعری کوردی چیین ؟**
**پ٦٢/ کام زمان، ئەو شێوەیە باوەیە، کەوا لە ئاکامی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی کۆمەڵەوە دروست دەبێت ؟**

**پ ٦٣/ دوای رووخانی ساسانییەکان و دوای دوو سەدە سستی، زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکان نووسینیان دەست پێدەکات، ئەو قۆناغە بە چی ناوزەند دەکرێت ؟**

**پ ٦٤/ ئەو نەتەوەی ناسنامەی زمانەکەی لە هەڕەشە دابێت، بەچ زمانێک دەتوانێت بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات؟**

**پ ٦٥/ شاعیرانی هاوچەرخ، وێنە شیعرییەکانیان بە چ شێوەیەک مانا دەدەن بەدەستەوە؟**

**پ ٦٦/ کام ئەدەب ، کۆنترین ئەدەبە؟**

**پ٦٧/ زمانی کوردی، سەر بەچ خێزانە زمانێکە؟**

**پ٦٨/ ڕێگاکانی دروستبوونی زمانی ستاندارد بژمێرە و باسی یەکێکیان بکە.**

**پ ٦٩/ بەشەکانی فۆلکلۆر چین؟**

**پ ٧٠/ قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی بژمێرە و بۆ هەر قۆناغێک ناوی چیرۆکنووسێک وەک نموونە بهێنەوە.**

**پ ٧١/ بۆچی تاکو ئێستا کورد، خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە؟**

**پ ٧٢/ قۆناغەکانی ڕۆمانی کوردی بژمێرە.**